هەواڵەکانی کوردستان

گیرانی کەسێکی مەهابادی

بە پێی هەواڵی هەواڵدەری چاودێری مافی مرۆڤی کوردستان، کەسێکی مەهابادی بە ناوی سەیید کامیل سەعیدی، لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی رژێم لە ناو بازاری مەهاباد گیراو ڕەوانەی زیندان کرا.

هۆی گرتنی ناوبراو ڕوون نیە، دەگوترێ مەئمورەکانی رژیم لە شوێنی کارەکەی لە بازاری تاناکۆرا گرتوویانە.

بریندار بوونی چەند کەس لە سنە

ڕۆژی یەك شەممە ١٨ی سەرماوەز، هێزە بەکرێگیراوەکانی رژیم لە گەڕەکی فەیزاوای شاری سنە، هێرشیان کردە سەر شۆفێری ماشینێك، ڕاننەدەی ماشینەکە کە لە ترسی هێزەکانی رژیم و بۆ خۆ ڕزگار کردن، ماشینەکەی لێخوڕی و ماشینەکەی بە ماشینی دیکەداو، کە بەو هۆیەوە چەند کەس بریندار بوون.

لە بەرانبەر ئەو کردەوەی هێزەکانی رژیم خەڵك هێرشیان کردە سەریان و لە نێوان خەڵك و هێزەکانی رژیم تێك هەڵچوون ڕووی دا.

حوکم درانی هەڵسووراوێکی فەرهەنگی لە سنە

بەشی ٢ی بە ناو دادگای ئینقلاب، لە شاری سنە حەمید ساعدی هەڵسووراوی فەرهەنگی دانیشتووی سنە بە ٦ مانگ زیندانی تەعزیری مەحکوم کرد. دەگوترێ تاوانی حەمید ساعدی هەڵسوران لە دژی رژیم بووە.

ناوبراو سالّی ڕابردووش گیراو دوایی بە زەمانەت ئازاد کرا.

***

گرتنی خوێندکاری زانکۆی ئازادی کرماشان

ڕۆژی ٢٠ی سەرماوەز یەکێك لە خوێندکارانی زانکۆی ئازادی کرماشان بە ناوی پارسا کرمانجیان لەلایەن هێزە بەکرێگیراوەکانی رژیم گیراو ڕەوانەی ئیدارەی ئیتلاعات کراوە.

لە کۆبوونەوەی ١٥ی سەرماوەز کە لە دانشگای ئازادی کرماشان بە بۆنەی ڕۆژی دانشجو بەڕێوە چوو، پارسا کرمانجیان دەوری بەر چاوی گێڕاوە و ناوبراو لە ڕابردووشدا بە هۆی چالاکی ی هەڵسووڕانی ڕەخنەگرانە لە رژیم لە دانشگای دەوڵەتی دەرکرابوو.

چەند کەس بە هۆی تەقینەوەی مین بریندار بوون

هێزەکانی رژیمی ئاخوندی لە سنووری کوردستانی ئێران ـ عێراق لە نزیك دێی سوونێ و گۆڕەشێر، مینیان لە سەر ڕێگەی خەڵك داناوەتەوە، کە ڕۆژی دوو شەممە ٥ی سەرماوەزی ١٣٨٦ بە هۆی تەقینەوەی مینێك چەند کەس بە سەختی بریندار دەبن، کە ناوی کەسێك لە بریندارەکان حەمەی ئەحمەدە ڕەش و مندالّەکانیەتی.

***

حکومەت نیزامیی ڕانەگێندراو لە بۆکان

بە پێی هەواڵێك لە بۆکانەوە، ماوەی حەوتوویێکە هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیم لە شاری بۆکان هەل و مەرجی تایبەت و شێوەیێك حکومەت نیزامی ڕانەگەێندراو پەیڕەو دەکەن، و لە سەعات ١١ی شەو بە دواوە ئیجازەی هاتووچۆ بە کەس نادەن.

***

دەرکردنی حوکمی ٦ مانگ تا ٣ سالّ بۆ سێ لاوی کامیارانی

سێ لاوی کامیارانی بە ناوەکانی ئەرسەلان غولاّمی، کەمالّ فاتیحی و فەرەیدوون تابعی لەلایەن بەناو دادگای کامیارانەوە هەر کام بە ٢ سالّ ، ٣ سالّ و ٦ مانگ زیندان مەحکوم کران. ئەو سێ کەسە زیاتر لە ٢ مانگە لە زیندانی ئیتلاعاتی کامیاران بە تاوانی هاوکاری لەگەلّ هێزە سیاسیەکانی کورد گیراون.

***

بلاّوبوونەوەی گازی گووگرد لە سەرپێڵی زەهاو

بە هۆی بلاّو بوونەوەی گازی گووگرد و چەند گازی دیکە چەند کەس لە دانیشتوانی ناوچەکانی سەرپێڵی زەهاو، تووشی نەخۆشی تەنگە نەفەسی بوون.

ماوەیێکە رژیمی ئاخوندی پرۆژەی گواستنەوەی ئاوی چۆمی سیروان بۆ سەرپێڵ زەهاوی دەست پێ کردوە کە بە هۆی شاخاوی بوونی ناوچەکە بەڕێوەبەرانی پرۆژەکە بە تەقاندنەوەی TNT شوێن بۆ لوولەکان دەکەنەوە، ئەو کارە بۆتە هۆی بلاّوبوونەوەی گازی گووگرد و چەند گازی ژەهراوی دیکە لە ناوچەکەدا. بەرپرسانی پێوەندیداری رژیم تا ئێستا هەنگاوێکیان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان هەڵنەگرتووە و درێژەکێشانی ئەو وەزعە ئەگەری نەخۆشی مەترسیداری بەدواوەیە.

خوێندکارانی کورد لەورمێ نارەزایەتیان لەبەرانبەر ڕۆژنامەی ئۆڵدووز دەربڕی

لەدوای ئەوەی ڕۆژنامەیێکی تورك زمان بە ناوی ئۆڵدووز بابەتێکی بەبێ حورمەتی و سووکایەتی کردن بە گەلی کورد، چاپ کرد، نارەزایەتی ناوەندە ڕۆشنبیرەکان و جەماوەری کوردی لە کوردستانی ئێران گرتەوە.

هەر لەو پێوەندییەدا، لەشاری ورمێ، نارەزایەتی خوێندکاران و دانشجویانی کورد بەرانبەر ئەو هەڵوێستە شەرماویەی ڕۆژنامەی ناوبراو ڕووی دا کە لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیم کەوتنە بەرپەلامار. بە پێی هەواڵەکان ٨ دانشجوی کورد لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیمەوە گیراون.

***

زیندانی کردنی کاسبکارانی سنووری حاجی ئومەران

ژمارەیێکی زۆر لە کاسبکارانی سنووری حاجی ئومەران لە ڕۆژەکانی ٤ـ٥ و ٦ی سەرماوەزی ١٣٨٦دا لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیمەوە گیراون و پاشان ڕەوانەی زیندانەکانی ورمێ و نەغەدە کراون.

***

داگیرکردنی زەوی کشت و کاڵی لەلایەن جەنگەڵبانی بۆکانەوە

بە پێی هەواڵ، جەنگەڵبانی بۆکان زەوی کشت و کاڵیی چەند کەس لە جوتیارانی دێی سریلاوای چۆمی مەجیدخانی داگیرکردوە. لە هەمان کاتدا پولێکی زۆریشی لە جوتیاران ستاندوە. هۆی داگیرکردنی زەوییەکان ڕوون نەبۆتەوە، جوتیارانی دێی سریلاوا چەندین ساڵە لەو زەوییانەدا کشتوکاڵ دەکەن.

***

٤ زیندانی لە زیندانی مەهاباد مانیان لە خواردن گرتوە

بە پێی هەواڵی هەواڵدەری چاودێری مافی مرۆڤی کوردستان، ٤ زیندانی لە زیندانی مەهاباد مانیان لە خواردن گرت و لێوی خۆیان دوریوەتەوە. ناو و تۆمەتی ئەو ٤ کەسە بەم شێوەیە:

مەلا مامەند خەڵکی کورستانی عێراقە و ١٤ مانگە زیندانی کراوە، ناوبراو بە تۆمەتی قاچاخی چەك و بەزاندنی سنووری ئێران بە ٣ سالّ و نیو زیندانی تەعزیری مەحکوم کراوە.

نەوزاد عەزیز مەمەد، خەڵکی کوردستانی عێراقە و نزیکەی ٥ مانگە چارەنووسی نایارە و بە تۆمەتی بەزاندنی سنووری ئێران. تۆفیق گوودەرزی، خەڵکی پیرانشارە و بە تۆمەتی ئاژاوەگێڕی زیندانی کراوە.

عەزیز ئەفشین، بە تۆمەتی ڕاگرتنی مادە سڕکەرەکان چەندین مانگە چارەنووسی ناڕوونە.

***

لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا ٥ کەس بوونە قوربانی

ڕۆژی پێنج شەممە ٢٢ی سەرماوەز لە جادەی سەردەشت بانە ماشینێکی سەرواری پراید لەگەلّ ماشینێکی باری لە نەوعی تویوتا لاندکرۆزەر خۆیان پێکدادا کە بە داخەوە پێنج کەس دەست بە جێ مردن کە هەموویان ئەندامی خانەوادەیێکن، و ناوەکان بریتین لە:

لوقمان یوسف پوور، محسوم شەوکەتی، محەمەد یوسف پوور، مەحسوم یوسف پوور.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، داخ و پەژارەی قوولّی خۆی بەبۆنەی ئەو ڕووداوە تاڵەوە بە خانەوادەی کەریم بەگزادە و، تێکڕای خانەوادەی ئەو دۆستانەمان لە ناوچەی بانە و ڕەبەت ڕادەگەێنێ و لە غەم و پەژارەیان خۆ بە شەریك و هاوبەش دەزانێ.

ڕاگواستنی دوو دانشجوی کورد بۆ زیندانی سنە

هیدایەت غەزالّی و سەباح نەسری، دوو دانشجوی زیندانی کورد لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە بەندی ٢٠٩ی زیندانی ئەوین بۆ زیندانی ناوەندی شاری سنە ڕاگوێزراون.

دوو دانشجوی کورد کە ٤ مانگە دەست بە سەرکراون، چەند ڕۆژە لە بەندی ٢٠٩ی زیندانی ئەوین دراونەتەوە بە زیندانی ناوەندی شاری سنە و لەم چوار مانگەدا تاوانەکەیان دیار نەکراوە و خانەوادەکانیان نەیانتوانیوە بیانبینن.

هیدایەت غەزالّی، دانشجوی ڕەوانشناسی زانکۆی عەلامە بووە و سەباح نەسریش پلەی کارشناسی ئەرشەدی علومی سیاسی لە دانشکەدەی مافی زانکۆی تاران دەیخوێند.

***

بەشداری کۆمیتەی سوئیدی سازمانی خەبات لە مەراسمێك بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز

ڕۆژی شەممە ٨ی دیسامبری ٢٠٠٧ـ ١٧ی سەرماوەزی ١٣٨٦ی کۆچی خۆری، لە شاری لینشۆپینگی وەلاّتی سوئید، کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕێ و ڕەسمێکی بەڕێوە برد، بە بانگهێشتی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەیئەتێك لە کۆمیتەی سوئیدی سازمانی خەبات بەشداری ئەو ڕێ و ڕەسمە بوون. هەر بەم بۆنەوە، کاك ڕێبوار حسینی لەلایەن کۆمیتەی سازمان یەکەم ووتاری ئەو کۆڕەی خوێندەوە.

کۆمیتەی سوئیدی

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

١٨ی سەرماوەزی ١٣٨٦

زۆرهێنان بۆ "عەدنانی حەسەن پور" بۆ قەبول کردنی وتوویژی تەلویزیۆنی

مەئمورانی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە، "عەدنانی حەسەن پور" ڕۆژنامە نوسی مەحکوم بە ئیعدامیان خستۆتە ژێر گوشارەوە تا قەبولی بکات کە لە وتوویژیکی تەلەویزیۆنی دا دان بە تۆمەتەکانی دا بنیت.

ڕاپۆرتەکان لە شاری سنەوە باس لەوە دەکەن کە مەئمورانی ئیدارەی ئیتلاعات، لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردو دا، چەندین جار "عەدنانی حەسەن پور"یان لە زیندانی مەرکەزی شاری سنەوە بردوە بۆ ئیدارەی ئیتلاعات و داوایان لێ کردوە تا لە بەرنامەیەکی تەلەویزیۆنی دا، دان بەوە دا بنێت کە لە دژی کۆماری ئیسلامی سیخوری کردوە.

لە لایەکی دیکەوە دەوترێ کە دایکی "عەدنانی حەسەن پور"یش لە لایەن مەئمورانی ئیتلاعاتەوە کەوتۆتە ژێر گوشارەوە تا کورەکەی ناچار بکات کە لە تەلەوزیۆن دا ئیعتراف بکات.

بەشداری شاندێکی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە ڕێ و ڕەسمی ٢٦ی سەرماوەز لە شاری ئوسلۆ

ڕۆژی هەینی ٢٠٠٧/١٢/١٤ هەیئەتێکی کۆمیتەی نۆرۆێژی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، بە دەعوەتی کۆمیتەی نۆرۆێژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەشداری لە ڕێ و ڕەسمی ٢٦ی سەرماوەز کرد. پەیامی کۆمیتەی نۆرۆێژی سازمانی خەبات لەلایەن کاك مەحمود یوسفی پێشکەش کرا.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

کۆمیتەی نۆرۆێژ

٢٠٠٧/١٢/١٤

شۆرای میللی مقاومەتی ئێران جارێکی دیکە هەوڵەکانی ڕژیم بۆ دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی ئاشکرا کرد

هەواڵدەری ڕۆیترز ڕاپۆرتێکی لە سەر کۆنفرانسی چاپەمەنی، شۆرای میللی مقاومەتی ئێران لە شاری بروکسل، بلاّو کردۆتەوە کە تیایدا، هاتووە، ئەوە شۆرای میللی مقاومەتی ئێران بوو ساڵی ٢٠٠٢ گەلاّلە ناوکەیی و ئەتۆمیەکانی ڕژیمی ئاخوندی ئاشکرا کرد و جارێکی دیکە و لە ڕۆژی شەممە (٢٠ی سەرماوەز ــ (١١ی دیسامبر ٢٠٠٧) بۆ جارێکی دیکە زانیاری دیکە دەردەخا و دەگەێنێ کە ئەگەر ڕژیمی ئاخوندی لە ساڵی ٢٠٠٣ و بۆ ماوەیێکی کەم هەوڵەکانی بۆ دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی ڕاگرتووە، بەڵاّم بۆ جارێکی دیکە ئەو هەوڵانەی دەست پێ کردۆتەوە.

هەواڵدەری ڕۆیترز زیادی کرد، بەرپرسانی شۆرای میللی مقاومەت لە دوای ڕاپۆرتی کۆمەڵگەی زانیاری ئەمریکا کە لە ڕۆژی ٣ی دیسامبر بلاّو کرایەوە، لەگەلّ سەرچاوەکانی خۆیان لە ناوخۆی ئێراندا پێوەندیان کردوە و ئەوان زانیاریان داوە کە ڕژیم لە سێ سایت و ناوەندی ئەتۆمی لە هەولّی دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمیدایە.

محمد محدثین بەرپرسی دەرەوەی شۆرای میللی مقاومت ڕایگەیاند ئەوان لەگەلّ لێکدانەوەی بەراوردی (کۆمەڵگەی زانیاری ئەمریکا)، لە سەر ڕاگرتنی هەوڵەکان بۆ دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی لە ساڵی ٢٠٠٣، هاوباوەڕن، بەڵاّم ئەو هەوڵانەی ڕژیم کاتێك ڕاگیراون کە ڕژیمی ئێران، سایتی لویزان لە شومالّی تارانی لە مانگی مارسی ٢٠٠٣ داخست، چوونکە دەترسا لەوەی ئەو سایتە بناسرێ و ئاشکرا بێ.

ناوبراو زیادی کرد، لێکۆلینەوەکانی ئەمریکا، ئەو زانیاریانە ناگرێتەوە کە شۆرای میللی مقاومەتی ئێران لە مانگی نوامبری ٢٠٠٤ بە دواوە بلاّوی کردۆتەوە. ئەو زانیاریانەی ئێمە دەری دەخا کە هەڵسورانەکانی ڕژیم لە پێوەند بە گەلاّلەی ناوکەیی بۆ سایتێکی نوێ لە لویزان و لە دواییشدا بۆ دوو سایتی دیکە نێردراوە.

***